خوێندنی باڵا جێخت لە کارکردن بە ڕێنماییەکانی مەڵبەندی خوێندن دەکاتەوە

ئەمڕۆ دووشەممە، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، جێختی کردەوە لە کارکردن بە ڕێنماییەکانی مەڵبەندی خوێندن و دانانانی خوێندن لە کاتی فەرمانبەریدا (بڕبڕ مەڵبەند).

وەزارەت لە ڕاگەیەندراوەکدا کە دەست ئاژانسی هەواڵی موتەوە کەوتووە، ڕایگەیاند: "پاڵپشت بە یەکەم هەموارکردنی ژمارە 11ی ساڵی 2025 بە یاسای بنەماکانی یەکسانکردنی بەوانامە و پلە زانستییە عەرەبی و بیانییەکانی ژمارە 20ی ساڵی 2020، و وەک جێختکردنەوەیەک لەسەر سیاقی یاسایی ڕێکخەری خوێندن لەناو عێراق یان دەرەوەی بە چینی فەرمانبەران، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ڕایدەگەیەنێت، کە بنەمای خوێندن لە کاتی فەرمانبەریدا (بڕبڕ مەڵبەند) کاری پێناکرێت و پشتی پێ نابەستردێت لە ڕێکەوتی 2025/10/13 بەدواوە، و کار دەکرێت بە ئێحکامەکانی ڕێنمایی بەخشینی مەڵبەندی خوێندن ژمارە 165ی ساڵی 2011 و یاساکانی پەیوەست بەو بابەتەوە."

لە درێژەی ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە: "سەبارەت بەو پرسیارانەی دەربارەی ئەم بابەتە دەکرێن، ئەوا ئەوەی پێشتر سەبارەت بە خوێندن لە کاتی فەرمانبەریدا هاتبوو، بەپێی هەموارکردنە ئاماژەپێکراوەکە بە هەڵوەشاوە ئەژمار دەکرێت و ئەم هەمواردە هیچ کاریگەرییەکی بە ڕابردوو (أثر رجعي) نابێت، بەکو لە ڕێکەوتی کارپێکردنیەوە کاری پێ دەکرێت، لەگەڵ پاراستنی شایستە یاساییەکانی ئەو فەرمانبەرانەی

کە پێش ئەو هەڵوێستە دەستیان بە خوێندن کردووە."